# وەڵامێک بەواعیزدادەرانی کۆمۆنیزمی کرێکاری

حامد ایوب
19-11-2004

وەڵامێک گوایە ئەندامێکی کۆمۆنیزمی حیکمەتیست بە منی داوەتەوە دیسانەوە لیستێک بوختانی بۆ ئێمە دووبارەو دروست کردووەتەوە،لەراستیدا وەڵامەکانی ئەم واعیزدادەرانەی کۆمۆنیزمی کرێکاری هەر دێرێکی هەڵدەگرێت زۆری لەسەر بنوسین و قسەی لەسەر بکەین چونکە سەرتاپای نوسینەکانیان پڕە لە ناراستی وبوختان هەڵبەستن واتا هەمان کاریکیان دووبارەکردووەتەوە کە ئێمە پێشتر دەست نیشانمان کردبوو و وە پێشمان ووتوبوون عەیبە و دەست هەڵگرن لەم شێوازە ئاست نزمەتان بەڵام داخم ناچێت ئەم قەڵەم بەدەستانەی کۆمۆنیزمی حیکمەتیست لەوە دەچێت هەر هۆشدارییەک کە پێیان دەدرێت سوودی لێ نابینن و لێوەی فێرنابن. وەڵامەکانی ئەوان هەمیشە نەک هەر زۆر بەڵکو ئێجگار زۆر هەڵدەگرێ قسەی لەسەر بکەین چونکە هەر پەرەگرافێکیان لێوان لێوە لەهەڵەی سیاسی و مەعریفی ودەبێت دەیەها پەرەی لەسەر بنوسین، بەڵام ئێمە ژیان فرسەتی ئەوەمان پێنادات هەموو تەمەنی خۆمان لە راستکردنەوەی جەهلنامەکانی ئەواندا بەسەر بەرین وجگەلەوە ئێمە بەهیچ کلوجێک بەرپرسیارو فێرکەرو راستکەرەوەی نووسەرە ئاست نزمە مەعریفیەکانی کۆمۆنیزمی شەخسیەتهانین . . . بەڵکو بەش بەحاڵی خۆم ئەوەندە بەپێویست دەزانم کە راستی و دروستی ئەو چەمک و ووتەزایانەیان نیشان بدەم کە ئەوان شێواندویانە یاخود لە باشترین حاڵەتدا تێینەگەیشتوون،هەر ئەوەندە دەتوانم ئەو راستیانە زەقتر بکەمەوە کە ئەوان بەنیازن بیشارنەوە...هتد ئەوانەش ناچارم زۆر بەکورتی ئەنجام بدەم بۆ ئەوەی قەبارەی نووسینەکەم درێژ نەبێت ونەبێتە هۆی بێزارکردنی خوێنەرانش . واعیزدادەرەکان پێیان وایە نووسینەکەی پێشوترم بەزمانێکی زبرو توند نووسراوەو نەدەبوایە بەو زمانە بنووسم و نەدەشبوایە ئەو کارەم بکردایە کە پێم کردن... وەک رێسایێکی گشتی ئێمەش لەسەر ئەوە هاوڕاین کە بەکارهێنانی زمانی توند کارێکی باش نیە، بەڵام لێرەدا پرسیارێکی زەق لەبەردەم قەڵەم بەدەستانی کۆمۆنیزمی حیکمەتیست خۆی قیت دەکاتەوە ، ئەگەر ئێوە بڕواتان بەبەکارهێنانیزمانی رەق نییە ئەی بۆچی هەموو ئەو وەڵامانەی بە نەیارانی سیاسی خۆتان داوەتەوە پڕیەتی لە جنێوفرۆشی و دەم پیسی؟؟ خۆ منیش دەکرێ وەک (ئازاد نسیم) بێم وهەموو ووشەبازاری و تەوهین ئامێزەکانتان ریزکەم و ناوی بنێم( ئەسنادی سیاه).. تکایە بێگەردی و پاکیزەیی خۆتانمان بەهەرزان پێ مەفرۆشن ئێمە کڕیاری نین لەبەر ئەوەی کەشکۆڵی ڕابوردوی سیاسیتان پڕیەتی لە جنێوفرۆشی!!! ئێوە باس لە پرینسیپی سیاسی دەکەن کە گوایا من ریعایەتم نەکردووە ئێ باشە ئێوە خۆتان بۆ ریعایەتی( درۆنەکردن) ناکەن؟؟ بۆ ریعایەتی( جنێوفرۆشی ناکەن)؟؟ ئیتر ئامۆژگاری چی بەسەر ئێمە دا دەبارێنن ؟؟ بەڵام دەتوانن پێم بڵێن ئەوە دەلیل و حیکمەتی چیە هەمووجۆرە زمان و شێوازێک بۆ ئێوە ڕەوایە و بۆ کەسانی نەیارانتان نارەوایە ؟؟ ئەو شەرعیەتتان لەچ مەرجەعیەتێکەوە بەدەستان هێناوە کە هەموو ڕێگاکان بۆ ئێوە ئاواڵە بێت و بۆ ئێمە داخراوبێت؟؟ دونیای نوسین بانێک و دوو هەوا نیە!! هەرچۆنێک بێت واعیزدادەران دیرۆکێکی درێژیان هەیە بەتایبەت لە دونیای عەربی و ئیسلامی دا و خوێنەری هووشیار بەئاگایە لێی لێرەدا پێویست بە نموونە هێنانەوە ناکات بیهێنینەوەو نیشانی بدەین کە قەڵەم بە دەستانی( کۆمۆنیزمی کرێکاری) لەچەشنی ئەوانن.

من لە نووسینەکەی پێشووترمدا ووتبوم کە ناچارم بەو زمانە بدوێم کە ئێوە پێی دەدوێن واتا من لەخۆمەوە زمانێکم دانەهێناوە بەڵکو شێوازێکم بەکاربردووە ئێوە زۆر ئاشنان پێی ئیتر بۆچی واقەڵس بوون پێی ؟؟ دەرکی زیادم بەوە هەیە کە زمانەکەم حاد و بڕەڕە بەڵام پێش وەخت داوای لێبوردنم لە خوێنەران کرد ئێستاش داوای لێبوردنیان لێ دەکەم کە بمبورن وا ئەم جارەش بەو زمانە دەدوێم بەڵام هەرگیز و بۆ یەک ساتیش چییە داوای لێبوردن لە ئێوە ناکەم هەر کاتێک ئێوە هاتن داوای لێبوردنتان لە تەواوی ئەو کەسایەتی و لایەنانەتان کردکە پێشتر سوکایەتی و درۆتان بەدەمەوە کردبوون ، هەر کاتێک هاتن نەفرەتان لەو کارە نەنگانە کردکە کردوتانە ، هەر کاتێک هاتن دانتان بەو هەمووهەڵە گەورانەتان دانا کە لە مێژووی وەڵامتان بە نەیارانتان

داوتانەتەوە ، هەر کاتێک هاتن پرێنسیپێکتان بۆ نووسینەکانتان دانا، هەر کاتێک قەڵەمتان گرتەدەست و بێ ئەوەی بێ حورمەتی بەکەس بکەن....هتد ئەو کاتیش من بەزمانێکی نەرم و لەسەرخۆ لەگەڵتانن دەدوێم، ئەو زمانەی من ئارەزوی دەکەم و ئێوە حەزی پێ ناکەن بەڵام بەڵێن بێ هەتا ئێوە وا بێ ئەدەب بن لە نووسیدا منیش ناچارم هەرکاتێک لەسەرتان بنووسم بەو شێوازە دەنووسم کە دەمارەهەستدارەکانتان بگرێت!!!.

یاسایەکی فیزیاوی هەیە دەڵێ(هەموو کارێک کاردانەوەیەکی هەیە) ئەم یاسایە جگەلەوەی لەبواری فیزیکیدا دروستە هەروەها دەکرێت لە مەیدانەکانی سۆسۆڵۆژیا و نووسیندا راست بێت، بەپێ ئەم یاسایە کاری خراپی پێشینەی ئێوە کاردانەوەییێکی رەقی لای من دروست کردووە ئەمەش بۆخۆی بووە هۆکاری ئەو زمانە خەشنە کە لەسەرم نووسین بەڵام چی بڵێم لەگەڵ ئێوەیەکدا کەنەک لەبواری نووسیندا کۆڵەوارن بەڵکو لەبوارەکانی زانستیشدا هەگبە بەتاڵن !!! ئێوە بە زمانی دیالۆگ و شارستانیەت لەسەر ئێمەدا نەتاننووسی تا من بێم و بەوەڵامی گوڵ وەڵامتان بدامەوە ، ئێوە زمانتان پیسەو دەبێت باجەکەشی بدەن ئەمە سونەتی ژیانە و هیچ کەس و لایەنێکیش ناتوانێ خۆی لێ بەدەربکات !!!.

بەدەر لەهەموو ئەمانەش ئێمە شاهێدی بەرهەمێکی زۆرین لەبوارەکانی نووسین و مەعریفەدا کە بیریارەگەورەکان لە ئەنجامی کاردانەوەو هەڵوێستە نادروستەکانەوە زمانی زبرو توندیان بەکارهێناوە . ووتووێژە گەرموگورەکانی نێوان کارڵ پۆپەر و مارکوز سەبارەت بە چۆنیەتی سیستەم و بەڕێوبردنی کۆمەڵگا، رەخنە و زمانە توندەکەی هربرت مارکوز بەرانبەر بە ئێریک فرۆم سەبارەت بە چاکسازی و ئاڵوگۆرپێکردنی کۆمەڵگا ، ئاییشتایین و فرۆید سەبارەت بە شەرانگێزی کەسایەتی مرۆڤ ، موسی غنی زادە و کاتو زیان سەبارەت بە سۆسیالیزم ودیموکراتی و ئابووری سیاسی ، جۆرج طرابشی و محمد عبدالجابری سەبارەت بە مەدەنی و عەلمانی کردنی کۆمەلگای عەرەبی، محمد الهونی و حسین الهیکل سەبارەت بە بزاوتی ناسیونالیزمی عەرەبی و شکستی ساڵی 1967 ، عفیف الاخضر و چەپە تەقلیدیەکانی دونیای عەرەب سەبارەت بە دیسپلینی حیزبی .... هتد هەموو ئەم نووسەرو بیریارە گەورانە دانیان بەوە داناوە کە ئەوە هەڵویست و کارکردی کەسانی تر بووە وای لێ کردوون بەزمانێک بدوێن کە مەیل و رەزامەندی خۆیانی لەسەر نەبێت ، ئەگەر ئەمە بیروبۆچوونی کەڵەنووسەران و بیرماندانی دونیای فیکر بێت لەسەر کاروکاردانەوەی نووسین بێ گومان بۆ کابرایەکی ئاسایی وەکو منیش کاری بەد و خراپ و ئاست نزمی کەسانی تر کاریگەریەتی بەسەر شێوازی بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەمانەش ناکرێت بیانو دەلیل بۆ نووسینمدا بەجێ دەهێڵێ.

ئەوانە بهێنینەوە کە دەبێت هەموو کات زمان و نووسینمان رەق و توند بێت بەڵکو پێویستە لەو شوێنانەدا توندبین کە پێویستی بە توندی هەیە ، وە لەو شوێنانەشدا کە پێویستی بە نەرمی کرد دەبێت ئێمەش نەرم و نیان و بەخشندە بین ... سەرەکیترین تێزی فەلسەفەی لێبووردن (تسامح) کە من پێم وایە شارەگەکانی دەگەڕێتەوە سەر فەلسەفەی خۆرهەڵاتی نەک خۆرئاوایی ئەو فەلسەفەیە دەڵێت :- لێبووردن و بەخشندەیی و نەرمی تا ئەو شوێنە بەکاربهێنە کە لەجێی خۆیدا بێت... بەم مانا فەلسەفییەش بێت ئێمە بە جۆرێک هەڵسوکەوتمان کردووە و بەزمانێک نووسیومانە کە خۆدی (کۆمۆنیزمی کرێکاری) بەرهەمهێنەری راستەقینەی ئەو شێوازەن . خۆ ئەگەر دڵگران و نیگەرانیشن بەو زمانە زبرەی ئێمە ئەوە تکایە چاوێک بە رابووردووتاندا بخشێنن ودان بەهەڵەکانتاندا بنێن بۆ ئەوەی چیتر نە من و نەهیچ کەسێکی تر بەو زمانە لەسەرتان نەنووسێ ، خۆ ئەگەر دان بە هەڵەکانیشتان دانانین ئەوا من بەش بەحالیخۆم ناتوانم بەزمانی فریشتە ئاسا لەسەرتان بنووسم.

لەراستیدا قەڵەم بەدەستانی کۆمۆنیزمی شەخسیەتها هەتا بنووسن گوێمان لە نوکتەی خۆشتر دەبێت ئەوان لەبەر ئەوەی ناتوانن زمانی نووسین و قسەکردن ورەنگدانەوەی بەسەر مرۆڤەکاندا دیاری بکەن ، لەبەر ئەوەی ناتوانن پەیوەندی هارمۆنی نێوان بیرکردنەوەونووسین و قسەکردن لێک جیابکەنەوە هەر بۆیە هەمووی وەک چێشتی مجێور تێکەڵ بەیەک دەکەن و قسەی ئینشائی پێ لەهەوا دەنووسن ، هەر زۆر بەجدیمە ژیان و تەمەن رێی ئەوەمان پێ نادات کە هەموو هەڵە قەبەو گەورەکانی کۆمۆنیزمی حیکمەتیست راست بکەینەوە چونکە ئەگەر ئەو کارە بکەین دەبێت بۆ هەر وەلامێک کە بتاندەمەوە دەیاها پەڕە بنووسم و منێش بڕوا بکەن ئەو هەموو کاتەم نی‌یە هەر بۆیە تکایە بڕۆن کەمێک بخوێننەوەو کەمێک فێربین ئەو کات دەست بدەنە قەڵەم و بنووسن ئێوە مێژووی سیاسیتان فێری دارشتنی شیعاراتی کردوون نەک نووسین ئەگەر وانیە ئەوانەدەکەتنە ئەو هەموو هەڵە گەورەو لەهەرحالدابۆ مەسەلەی پەیوەندی نووسین و کووشندانەی نووسینەوە .

بیركردنەوەو دیالیكتیكی ئەم دووانەو  كاریگەریەتیان بەسەر یەكەوە زۆر زاناو شارەزایانی دونیای نووسین ئەم بابەتەیان بەسەر كردۆتەوە و تاوتوێ كردووە بەڵام لە نێو ئەو كەڵە نووسرانەدا پێویستە ئاماژە بە (ژاك دێریدا) بكەین كە بە پەژارەیەكی زۆرەوە مانگی رابووردوو ماڵئاویی لیكردووین و ژیانی بەجیهێشت. دونیای نووسین قەرزاربارى ئەم كابرا گەورەیەیە ، زۆرجار پێویستمان بەگەرانەوە هەیە بۆ تێزە بەنرخ و بەكەڵكەكانی ئەم بیرمەندە بۆ ئەوەی بتوانین تێكست و دەقەكان بخوێنینەوەو دواتریش هەڵیان وەشێنینەوەو دواجاریش پەیەندی و هاورەگەزی لەنیوان بیركردنەوەو شێوازی نووسیندا ئاشكرا بكەین. هەروەها (دێسۆسێر) لە بوارەكانی ئاخاوتن و زماندا توانایەكی باڵادەستی هەیە و دەكرێ وەك سەرچاوەیەكی گرنگ تەماشای بكەین.

بەداخەوە قەوارەی ئەم نووسینە بەرتەسكە رێی ئەوەم پێ نادات كە لەژێر رۆشنایی تێزەكانی ئەم دوو بیریارە گەورەیە نەخوێندەواری قەڵەم بەدەستانی كۆمۆنیزمی شەخسیەتها دەربخەم . لێرەدا تەنها دەتوانم بڵێم خوێنەری بەئاگا دەتوانێ بگەرێتەوە بۆ سەرچاوە زۆر بەنرخەكانی( ژاك دێریداو دێسۆسێر) وە لەوێشەوە هەرچی زیاتر نەخوێندەواری قەڵەم بەدەستانی كۆمۆنیزمی حیكمەتیستی بۆ ئاشكرا تر دەبێت لە مەیدانی نووسیندا . من لەئاست قەڵەم نزمی و بێتوانایی فیكریی واعیزدادەرانی كۆمۆنیزمی كرێكاری هەر ئەوەندە وەك رۆسۆ دەتوانم بڵێم (ئەی سروشتی گەورەو بەخشندە چ بوونەوەرهاییێكی نەزانت درووست كردووە )...

سەبارەت بەمەسەلەی جەدەل وگفتوگۆی هاوچەرخ ئەوا من پێم وایە ئێوە دەبێت ئەخیر كەسانێك بن دەم بژەننە ئەو بابەتەوە چونكە ململانیێكانتان لەگەڵ نەیارانی سیاسیتانداگەواهدەری ئەو راستیێیە كە ئێوە خاوەن گەنجینەیەكی دەوڵەمەندن لە زمانی سووكایەتی پێكردن و تێكرماندنی فەرهەنگی شارستانیانە!!

كەسایەتییەك ، لایەنێك ، هێزێكی سیاسی نەما لەكاتی دەرگیریێكانتان لەگەڵیاندا بێرێزی پێنەكەن و بەچاوی سووك تێی نەروانن. ئەوە مێژوویەكی رەشە بەتەختی تەویڵێ ناوچەوانتانەوە ، ئەگەر دەتانەوێ ئاییندەی سیاسیتان لەكەدارتر نەبێت ئەوا هەر ئێستا درەنگ نیێە پاشگەز ببنەوە لەو هەموو بێحورمەتیێی بە خەڵكتان كرد ئێوە نەك ئیهانە بەكەسانی دەرەی خۆتان دەكەن بەڵكو بەكەسانێكی دەكەن و كردتان كە تەمەنێكی درێژ لەپاڵ دەستانە بوون كەچی پێتان ووتن (پیاوان بەعس ، نۆكەری جەلال تاڵەبانی ، خوردادیێكان ، پیاوان رژێمی ئیسلامی ، توطئەگرا، لایەنگرانی مهتدی ، افرازات ، خۆشخەیالیێكانی بۆرژوازی ، حزب اللهی ، خسروشاهیێكان ... هتد ) وجنێوفرۆشی تر هەیە كە ئێوە بە هاورێیانی خۆتاندا لەم          دەتوانم چەندەها ناوو ناتۆرە و قسەی ئاست نزم لیستەدا رێزكەم ئەوانە مشتێكە لە خەروارێكی گەورە لە بەڵگەنامە رەشەكانی ئێوە ، ئیتر ئەوە چ رووێكی قاییمە خۆتان بەو زمانە دەدوێن وكەچی داواش لە كەسانی تر دەكەن  زمانی شارستانیتان لەگەڵە بەكار بهێنی .. دەتوانن پێمان بڵێن ئەو زمانە هاوچەرخەی كە ئێستا شیوەنی بۆ دەكەن لەچ سووچێكی ئەم دونیادا خۆی حەشار دابوو كاتێك رەهبەرایەتیێكەتان ئەم زمانە بازاریو جنێوانەی بەكاردەهێنا ؟؟ هاورێیانێك بەزمانێكی هێمن كەوتنە گفتووگۆ لەگەڵتان بە دیدێكی سوسیالیستیێانە لەسەر سیاسەتە چەوتەكانتانیان نووسی بەڵام ئێوە نەتانتوانی دەنگی جیاوازو نەیار بەخۆتان قبووڵ بكەن و تووشی هیستریا بوون و هەرچی قسەی فەرهەنگ نزم هەیە داتانباران !!! ئیتر ئێوە چون لە رووتان  دێ باسی جەدەلی هاوچەرخ بكەن ؟؟ ئێوە هەمیشە رچەشكین و دەستپێشخەری شەرەجنێوبوون دە كەواتە دەبێ ئێستا باجەكەی بدەن ،  خۆتانمان لێ مەكەن بەكەسانی          مەعسوم !!!.

حككع هەردەم و دایم لەهەوڵی ئەوەدایە نكۆڵی لە بوونی رێكخراوی( یەكێتی كۆمۆنیستەكان ) بكات و گوایە ئێمە هیچ بوونێكمان نیە لە كۆمەڵگای عیراقدا .. ئەمەش یەكێكە لەو هەوڵە چەواشەكارانەی رابەران و ئەندامانی ئەو حیزبە  هەمیشە دەستی بۆ دەبەن !! بەڵام شەرم بتانگرێ لەو شاری بەغدایەی كە پایتەختی عیراقە بنكە حیزبیێكەتان چەند سەد مەترێك لە نووسینگەی ئێمەوە دوورە ،ئیتر بۆچی جگە لە خۆتان هیچ هێزێكی تری رادیكاڵ و كۆمۆنیست نابینن ؟!.

ئێمە وەكوو حككع نایەین ستاییشی رێكخراوی خۆمان بكەین و فووبكەینە خۆمان و وەك میزەڵان خۆمان بەهەوادابەرین بەڵكو هەڵسەنگاندن وپێوەركردنی هەڵوێستە سیاسیێكانمان و دیدو بۆچون و كاروكردەوەكانمان واز لێدەهێنین بۆ لایەنی سێەم كە خۆی دادوەری لەسەر بكات .          بەڵی راستە ئێمە رێكخراوێكی بچووكین هێزمان كەمە كاریگەریمان لەسەر شانۆی سیاسی لاوازە  بەڵام هەموو ئەمانە ناكاتە ئەوەی كە حككع دەیڵێ <u>بوونمان</u>

هەر نەبێت!! ئاخر هێز بچووکی و نەبوونی موتڵەقی دیاردەیەک دوو شتی زۆر جیاوازن . بەڵام حککع بەدەستیئەنقەست و دوژمنکارانە ئەم دووانە تێکەڵاو دەکات .

دواجار دەبێ ئەوەش بڵێم هێزگەورەیی و هێزبچووکی نەیتوانیوە حەقیانەت بدات بە لایەنێکی سیاسی و پێوابێت خۆی سەنتەری ڕاستیەکانەو حەقیقەتی ڕەها لەژێر دەسەڵاتی ئەوەوە دەردەچێت... مێژووی ئەحزابی سیاسی زۆرگەورەمان بینیوە کە چەندەهاهێزو نیرووی کۆمەڵایەتی هەبووەو کەچی دەهێندەش سەرکوتگەرو تۆتالیتار بوون!!.

بەڵام با بۆ ساتێک لەگەڵ ئێوەدا هاوڕابین پێمان وابێت (یەکێتی کۆمۆنیستەکان) بوونیان نیە لە گۆرەپانی سیاسی عیراق!! باشە ئەگەر بوونمان نیە بۆ شەری کۆنە قینمان لەگەڵ دەکەن ؟؟ ئاخر بزانن شەڕ لەگەڵ بووندا دەکرێت لەگەڵ وەهم و شەبەحدا ناکرێت!!!. ئەگەر بوونمان نیە بۆ ئەندامانی مەکتەبی سیاسیتان بەزمانی بازار وجنێو وتەوهین ئامێز وەڵاممان دەداتەوە؟؟ ئاگاداربن ووتم ئەندامانی مەکتەبی سیاسیتان نەک ئەندامی مەکتەبی سیاسیتان واتا چەند ئەندامێکی م.س بەم زمانی دوژمنکارانەو داخ لەدڵانە بەرانبەر بە ئێمە قسەیان کردووە!!.

وە مەوریدەکانیش ئەگەر حەزتان کرد ڕووبە کۆمەڵگا ئاشکرای بکەین ئەوا بەشبەحاڵی خۆم من کێشەییکم نیە کە لە چ شوینێکدا ئەو ئەندامە بەرزانەتان بەو زمانە لەگەڵ ئێمە دواوون... ئەگەر ئێمە بوونمان نیە بۆ ئەندامانی حککع بە زمانی مەهزەلە ئامێز وەڵاممان دەدەنەوە لەکاتێدا هاوڕێیانی ئێمە نووسینەکانی خۆیان لەسەر مودێلێکی مۆدێرن و هاوچەرخ بنیاد نابوو؟؟ بەڵام پێدەچێت ئێوە بەرانبەر هەر کەسایەتی و لایەنێک کە رەخنەی تیژو هەمەلایەنەتان لێدەگرێت یەکسەرەو بێ دوودڵی و بێ هیچ پرێنسیپێک بە زمانی جەهل و بازاری وەڵام بدەنەوە، واتا ئەو زمانەی کەلەگەڵ خواردنی یەکەم قەترەی شیری سیاسیتان تێکەڵ بە خوێنتان بووە!!.

تایبەتمەندییەکی حککع ئەوەیە کاتێک دەکەوێتە بەرانبەرکێ و ململانێ لەگەل هێز و لایەنەکانی باڵی راستی کۆمەڵگا لەو کاتەدا زۆر بە توندی پێ لەسەر حەقانیەت بوونی شیعار و داواکاریەکان و پلاتفۆرمەکانی دادەگرێت و دەیەوێت بەو ئاراستەیەدا ململانیەکە بەرێتە پێشەوە وە بە هیچ جۆرێک خۆی لەقەرەی ئەوە نادات کە گوایە حیزبێکی کۆمەڵایەتی فراوانن و چەندەها بنکەو نووسینگەیان لەسەراسەری عیراقدا هەیە چونکە باش دەزانن ئەگەر ئەو قسە زل و موبالەغەئامێزانە بکەن زوو دەستەکەیان کەشف دەبێت و ئەوەی ژێر بەرەیان دەکەوێتە سەر بەرە . بەڵام حککع کاتێک دەکەوێتە بەرانبەرکێ و دژایەتکردنی لایەن و کەسایەتیە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کۆمەڵگا ئەوکات ڕێک بەپێچەوانەی هەڵوێستی پێشوویانەوە دەجوڵێنەوەو دەقیژێنن و بە نەیارە کۆمۆنیستەکان دەڵێن ئێمە حیزبێکی بەرینی سەراسەرین و چالاکی سیاسیمان هەموو کۆمەڵگای گرتۆوەتەوە و ئەندامانمان زۆرەو ڕوولەگەشەشە و بنکەی حیزبیمان لەسەراسەری عیراقدا هەیە و زوو زوو ئەوەش بە چەپ و کۆمۆنیستە نەیاراکانیان دەڵێن ئێوە هیچ نین و خۆمانتان پێوە خەریک ناکەین و ئێمە دەچین بەرانبەر زلهێزەکانی کۆمەڵگا دەوەستینەوە . ئیتر ئەم قەوانە لە دەڵێنەوە. هەموو موناسەبەو بێ موناسەبەیەکدا

واتا بەم جۆرە دەیانەوێت خۆیان لە هەموو ئەو رەخنە ڕادیکاڵ و مارکسیستیە بدزنەوە کە لەلایەن کۆمۆنیستانی کۆمەڵگاوە لێیان دەگیرێت ، لەبەر ئەوەی توانای وەڵام دانەوەیان نیە بۆیە بەناچار ئاماژە بە چالاکی و فراوانی حیزبە عەجایبەکەیان دەکەن واتا ئەمجارە نایەن قسە لەسەر حەقانیەتی شیعارەکان – سیاسەتەکان – هەڵوێستەکانیان بکەن واتا لەیەک کاتدا بەرانبەر چەپ و راستی کۆمەڵگا لەسەر دوو پەتی جیاوازدا یاری دەکەن ئەمەش هیچ نیە جگە لە نیفاقی سیاسی زیاتر !!!.

بەڵام با بۆ ساتێکیش وای دابنێن کە حککع حیزبێکی سەراسەری و دامێن کۆمەڵایەتی گەورەیە و بە هەزارەها ئەندامی هەیە و بڵاوکراوەکانیشی بە تیراژی چەند هەزاری بەرناکەوێت و دەستاودەست دەکات ... هتد بەڵام هەموو ئەوانە ناکاتە ئەوەی کە حککع رۆشنکەرەوەی ڕۆژە نادیارەکانی ئاییندەبێت ، ناکاتە ئەوەی هەڵوێستی ئەوان لەسەر دیاردەکان بکرێتە پێوانە ، ناکاتە ئەوەی حیزبەکەی ئەوان لەسەر هێڵی دروست دەروات بەرێوە ، ناکاتە ئەوەی ئەو حیزبە ستەمکا رنەبێت !!!. حیزب بۆ

خۆی دیاردەو زادەی ڕۆژگاری مۆدێرنیتەیە لەوساتەوەختەوە ئێستاشی لەسەر بێت لەدونیای سیاسەت و حیزبیەتدا هیچ حیزبێک شک نابەین هێندەی حیزبی بەڵشەفیک و نازی ئەڵمانیای دەورانی هیتلەر بەرفراوان و کۆمەڵایەتی و سەراسەری بووبێت نەک بە سەدەها هەزار بەڵکو بە ملیونها ئەندامیان هەبوو، بڵاوکراوەو نووسراوەکانیان بەو ئیمکانیەتە دواکەوتووانەی ئەوکات کە هەبوو کەچی ڕۆژانە بەتیراژی ملیونەها بڵاودەکرایەوە، بە دەیەها بنکەو نووسینگەی جۆراجۆریان لە هەموو شاروشارۆچکەو لادێکاندا هەبوو... بەڵام مێژوو شاهێدحالی ئەوەیە کە بەو هەموو ڕیزەکۆمەڵایەتیەو بەو دامێنە فراوانە گەورەیەی کە هەیان بوو کەچی حیزبی بەڵشەفیک لەسەر دەستی ستالین و حیزبە نازیەکەی هیتلەریش چ قەسابیەکیان بە مرۆڤایەتی کرد ، چ مەرگەساتێکیان بۆ ئادەمیزادەکان دروست کرد، چ دروێنەکیان بە گیان و لاشەی ئادەمیزادەکان کرد ، .. هتد لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەو لۆژیکە مەترسیدارەی (کۆمۆنیزمی کرێکاری) بەدەسیەوە گرتووە و هەمیشە وەک قەوانی سواو دەیڵێ و دەیڵێتەوە کە گوایە حیزبێکی فراوانی کۆمەڵایەتین (کە دیارە لە واقیعدا وا نی‌یە) ناکاتە ئەوەی شەرعیەت (ڕەوایەت) بدات بەوان و هەرچی لەقەڵەمڕەوی ئەوەوە دەرچووبێت دەبێت بێ مشت ومڕ قەبوڵی بکەین ، ناکاتە ئەوەی ئەو حیزبە لە ئاییندەو سبەی ڕۆژدا نابێتە حیزبێکی ستەمکارو تۆتالیتار !!!. چونکە ئەو حیزبە عەجایبەی حیکمەتیست لەئێستایەکدا کە هیچ نین بارگاوین بە تۆتالیتاریەت ئەی باشە لە سبەی ڕۆژی فراوانبونەوەیاندا ( کە زۆر زەحمەتە ) چ تەنوورێک بە نەیارانی سیاسی خۆیان گەرم دەکەن !!؟. لێرەدا جێی خۆیەتی خوێنەری بەرێز ئاگادار بکەمەوە کە زۆریەک لە تێزەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و تێزە سەرەکییەکانی تۆتالیتارییەت دەچێتەوە سەر یەک و نزیکایەتێکی زۆریان لە نێواندا هەیە ... بەڵام من لەبەر درێژنەبوونەوەی باسەکە ناتوانم لەم کورتە نووسینەدا خاڵ بەخاڵی هەردوو تێزەکە دیاری و دەست نیشان بکەم ، بۆیە خوێنەری هێژا دەتوانن بچن هێڵە سەرەکیەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری بەراوورد بکەن بە بنەماکانی تۆتالیتاریەت ، بەتایبەت ئەو بنەمایانەی کە هەردوو نووسەری گەورە ( ئالان تورین و حنا ارندت ) دەستنیشانیان کردووە ، ئەوکات زۆر بە سادەیی و ساکاری ئەوەتان بۆ دەردەکەوێ کە کۆمۆنیزمی کرێکاری بارگاوی و ئاخنراوە بە تێزی تۆتالیتارییەت. ئەمایان تەنها وەکوو تێز بەڵام وەک بارە کۆمەڵایەتی‌یەکەی جۆرێکی ترەو بابەتی ئەمجارەمان نیە . هەروەها کۆمۆنیزمی کرێکاری زۆر جار شانازی بەوە دەکات هەزارەها نووسراوەو سەدەها بڵاوکراوەو دەیەها ڕۆژنامەیان هەیە ... ئاخر خۆ ستالین چەندەها موجەلەدی نووسینی هەبوو ، ماوسی تۆنگ یەکێک بوو لە قەڵەم بەدەستە لێهاتووەکان دەیەها بەرگی نووسینی هەیە ، کیم ئیل سۆنگ نووسراوەکانی لە زەمانی خۆیدا نەدەکەوتە زەوی و ئاگری دەکردەوە ، هیتلەر یەکێک بوو لە نووسەرو ووتاربێژە باشەکانی زەمانی خۆی ، میشێل عەفلەق بالایەک نووسراوو کتێبی نووسیوە... هتد بەڵام هەموو ئەو کەسانەی ناوم بردن کاروکردەوەکانیان بوە هۆی ڕۆژرەشی و جەهەنەمێکیان بۆ بەشەریەت خوڵقاندو زەبری کوشندەیان لە مرۆڤە ئازادیخوازو پێشکەوتووخوازەکان دا ....

بەم پێیە ئەوە نوسراوی زۆرو بێ پەروا نی‌یە کە ڕاست و درووستی بۆچوونەکان دەردەخات بەڵکو ئەوە پراکتیکی ڕۆژانەیە کە دروستی بۆچونەکان نیشان دەدات ... بەم مانایە ئەگەر کۆمۆنیزمی کرێکاری خاوەن دەیەها بڵاوکراوەو سەدەها نووسراوەی تریش بێت ئەوا ناتوانێ ئەوە بشارێتەوە کە ئەوان سووکایەتیان بە مرۆڤایەتی کردووە ، هەستی ئینسانیان روشاندووە و بێ ڕێزیان نواندووە.

دیسانەوە سەبارەت بە ریفراندۆم ، ئەو ریفراندۆمەی لە ئاراستەی هەوڵی دابینکردنی سەرەتاترین مافی خەڵکی کوردستان بوو کەچی ئێوە بەر لەعنەتەی خۆتان داو ووتان دەستکردی یەکێتی و پارتی‌یە !! ئەوەشتان تەنها بە خاتری ئەوە کرد چونکە خۆتان هێزی سەرەکی و هەڵسووراوانی ناوەندی نەبوون لەو جوڵانەوەیەدا .

قەڵەم بەدەستانی کۆمۆنیستی حیکمەتیست لە دونیای سیاسەت تێناگەن !! سیاسەت لەو کۆمەڵگایانەی لە چەشنی کۆمەڵگاکانی ئێمە هەموو هێزو لایەنە سیاسی‌یەکان بەجۆرێک لە جۆرەکان دەیانەوێ قۆرخی هەر جۆرە جوڵانەوەو بزووتنەوەیەکی جەماوەری کۆمەڵایەتی بکەن کە سەرهەڵدەدات ، لایەنە سیاسی‌یەکان بە هەموو جۆرێکیانەوە لەهەوڵی بێ پەروان هەموو بزاوتە جەماوەری‌یەکان بکەنە پاشکۆی حیزبی خۆیان و بارگاوی بکەن بە ڤایرۆسی ئایدۆلۆژی بەرتەسک ئەمە دەردو بەڵایەکی گەورەی دونیای سیاسەتی کۆمەڵگای ئێمەیە کە ئەمەش بۆخۆی هۆکاری ریشەیی و مێژووی هەیە و بونیادی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایانەی دروست کردووە ، ئەوەی مەبەستمە بیڵێم دەبوایە حککع زۆر بەئاسانی لەم فەلسەفە کۆمەڵایەتی‌یەی لای خۆمان تێبگەیشتایە چونکە ئەوان

ئەزمونێکی باشی هەژمونکاری و قۆرخکردنیان هەیە !! ئەی ئەوە نەبوو قۆرخی هەموو رێکخراوە جەماوەرییەکانی دەیەی نەوەتەکانی سەدەی رابووردووتان کرد. ئەو یەکێتی بێکارانەی کە خاڵێکی پڕشنگدارە لە مێژووی هاوچەرخی کوردستانی عیراقدا، کەچی بە هۆی چاوچنۆکی سیاسی حککع بەرەو مەدای فەناچوون ڕۆیی !! حککع ویستی تەواوی رێکخراووجولانەوە جەماوەریەکانی ئەو کات هەموو قۆرخ و کۆنترۆڵ بکات ، ئەمەش جگە لە دیدی هەژموونگەرایی دونیای سیاسەتی لای خۆمان نەبێت شتێکی تر نییە . ئیتر بۆ لەوە تێناگەن کاتێک دەڵێین یەکێتی و پارتی بزوتنەوەی ریفراندۆمیان کۆنترۆڵ کرد، ریفراندۆمیش هەر وەک یەکێتی بێکاران سەرەتاییێکی جوان و بێلایەنی حیزبی هەبوو بەڵام دواتر هێزەکان دەخیل بوون تیایداو سەرەنجام ( حککع لە ڕابووردوو چی لە یەکێتی بێکاران کرد) ، یەکێتی و پارتیش ریفراندۆمیان بە هەمان دەرد برد ... دوای هەموو ئەمانەش گەر هەر ناتانەوێ تێبگەن ئیتر ئەوە گرفتی من نییە گرفتی کەم تێگەشتنی خۆتانە .

هەروەها دیسانەوە بە کورتی چەند قسەیەک لە حیزب دروست کردن بکەم من پێم وایە نەک تەنها بۆ سەرکەوتن و گەشەکردنەکان بەڵکو تەنانەت بۆ شکستەکانیش پێویستمان بە برێکی باش لە هۆشیاری هەیە بۆ ئەوەی بتوانین لە هۆکارو سەرچاوەی شکست و پاشەکشێ کانمان تێبگەین بەڵام بەداخەوە کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەم دەرک و هۆشیارییەی نییە بۆیە هەرگیز ناتوانێ سوود لە شکستەکان ببینێت و بیکاتە دەستمایە و تاقیکردنەوەیەک بۆ هەڵسانەوەو هەنگاونانی تازە ، وە ناشتوانێ یاخوود راستر بڵێین نایەوێ سوود لە ڕابووردووی خۆی ببینێ و بە چاوێکی ووردوکراوەوە سەیری تەمەنی سیاسی خۆی بکات و هەمان هەڵەکانی دووبارە نەکاتەوە ، ئەگەر خاوەنی ئەو ووردبینە سیاسییە بوایە ئەوە نەدەبوو بکەوێتە هەڵەیەکی وا گەورە و کوشندە و حیزبێکی غەرائیبی حیکمەتیستی دروست نەدەکرد !!. لە هەر حاڵدا من پێم وایە نابێت بە بەرچاو تەنگی و عیرفانییەوە حیزب هەر دروست بکرێت بەڵکو دەبێت جیهان بینییەکی تازەو فراوان و ڕەهەندێکی گشتیتر و سەراسەریترو تۆکمەترمان بۆ بینای حیزب هەبێت ، دەبێت ئەو ڕێچکەو ڕێگاو میکانیزمانەی بەرهەمهێنانی ڕاستەقینەی حیزب بدۆزینەوەو بە پێوانەی فراوانی ژیان و ئاڵوگۆرەکانی دەبێت ئێمەش دەرک و ئاگاییمان بەرینتر بکەینەوە خۆمان بە چەمکە ئایدۆلۆژیا ووشکهەڵاتووەکان نەبەستینەوە پێویستمان بەدەمەزەدکردنەوەی تێروانینەکانمانە بەو پێشکەوتن و زانست و توانا فکری و ماددیانەی لەناو کۆمەڵگادا بەرهەم دێن ، هەر بۆیە لە ڕوانگەی منەوە ئەوانە خاڵهاییێکی گرنگن ناکرێت چاووپۆشیان لێبکرێت و ئیشیان لەسەر نەکرێت هەرچۆنێک بێت دەبێت دید و جۆرێکی تازەتر و شارستانییانەتر لە حیزبییەت بدەینە دەستەوە. بەڵام دیارە ئەم قسانە بۆ حیکمەتیستەکان هەزم ناکرێت و توانای تێگەییشتنیان نییە لێی هەر ئەم تێنەگەییشتنە بوو وای لێ کردن بچن لە هۆڵێکدا کۆببنەوە و بە زۆرەملێ و ئیرادەگەرییانە دیاردەیەکی سەمەرە دروست بکەن و ناوی لێبنین حیزبی سیاسی !!! ئەو حیزبە عەجیبەی هیچ یەکێ لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی دابین نەکرابوو تا لەدایک ببێ بەڵام دەسەڵات خوازی و کەس پەرستی و نێرجسییەتی سیاسی بەرچاوی پێ گرتن و نەیهێشت کەمێک ووردبینانەو کەمێک لەسەر خۆتر هەڵسوکەوت بکەن و نەکەونە داوی حیزبێکی لەو چەشنەوە !!!. دەشێ حیزبە عەجیبەکەی حیکمەتیست بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە لیستی ئەحزابی جۆراوجوردا بوونی هەبێت و ئەوە خۆیلەخۆیدا گرفتێک نییە بەڵکو شاگرفت ئەوەیە کە سەرەنجام ئەم حیزبە لە کوێ دەگیرسێتەوە ، حیزبێک شەیپوری یەکەمی ئەوە بێت لەگەڵ حجریان و کۆنەپەرسترین هێزی سیاسی دەست تێکەڵاو بکات بەخاتری داپچرینی بەشێک لە دەسەڵاتی سیاسی !! ئیتر دەبێت چ چاوەڕوانی و چ ئومێدی مرۆڤ دوستانە و چ هیوایەکی گەش و رووناک لەو حیزبە بکرێت ؟؟!!.

سەبارەت بە ئینسان بوونی کەرکوکیش ، کیشەکە لەسەر خودی ووشەی ئینسانی بوونی کەرکوک نییە بەڵکو قسە لەسەر مەغزاو دەلالەتەکانی پشت سەری ئەم شیعارە ئایدۆلۆژیا رووتەیە ، ئەوە چ لۆژیکیکی سەیرە سەرزەمینێک کە برینێکی قوڵی هەتا سەر ئێسقانی تێکەوتووە کەچی بێ ئەوەی ریشەو هۆکارەکانی ئەم برینە بدۆزێتەوەو ڕێگاچارەیەکی دادپەروەرانەی بۆ دەستنیشان بکەی کەچی بێیت و یەکسەر شیعارێکی لەفافدراو بە ئایدۆلۆژی حیزبی مەترەح بکەیت .

ئەم ئینسانی بوونەی کەرکوک لای حککع تا ئەو شوێنە مەبەستە کە دەسکەوتی حیزبی لێ بچننەوە بەڵام ئەگەر کاسبییە سیاسییەکەیان لەوی خێرێکی نەما ئەوکات نەک کەرکوک هەر شارێکی ئینسانیە بۆیان بەڵکو دەبێتە جەنگەڵستان !!!. ئاخر ڕابەرایەتی حککع دەیووت حیزبی ئێمە لە کوردستان بچێتە دەرەوە ئەوا کوردستان دەبێتە

جەنگڵستان !!. ئاخر شەرم بتانگرێ لە جەنگەڵ ئاژەڵ دەژێ نەک مرۆڤ !!! بۆچی بێ حورمەتی بە خەڵکی کوردستان دەکەن و بە چاوی نزمەوە تێیان دەروانن !؟ کەرکوکیش تا ئەو شوێنەی بەرژەوەندی حیزبی تیدابێت ئەوا ئینسانی‌یە ئەگەر ئەو غەنیمەیەش نەما ئەوا ئەویش دەبێتە ئاژەڵی !!!.

گوایە حککع دەیەوێ ستەمی ملی لەسەر خەڵکی کوردستان لابەرێت و دەوڵەتێکی غەیرە قەومی دروست بکات !!! بروا بکەن ئینسان نازانێت لەسەر چ شتێکتان بنووسێت و لەسەر چ خالێکتان بوەستێت چونکە سەرتاپای شیعار و پلاتفۆرمی سیاسی حککع لێوانلێوە لە هەڵەی سیاسی و رۆشنبیری ئاخر ئەگەر تەنها بێن و هەڵەکانتان ڕاست بکەینەوە ئەوا دەبێت دەیەها پەڕە پڕبکەینەوە .. من هەمیشە دڵیکم لای قەڵەمەکەمە و چاوێکم لای پەرەکانە بۆ ئەوەی زۆر نەنووسم و بە کورتی نووسینەکەم تەواوبکەم بۆیە ناچار زۆریش ناچارم کە تەنها وەک و سەرە پێنووس هەڵەکانی حککع دەستنیشان بکەم با جاری لەو شیعار ە قەبەو بریقەدارە بگوزەرێن کە گوایە دەیانەوێ ستەمی میلی لەسەر خەڵکی کوردستان لابەن چونکە نە ئێوە ئەو هیزو قورساییەتان هەیە  کە ئەو ستەمە دێرین و مێژوویی‌یە ریشەکێش کەن ، نە بەنیازن کارێکی لەو جۆرە بخەنە دەستور کارتانەوە بەڵکو ئەوەی جێی مەبەستی سەرەکی ئێوەیە دەتانەوێ ستەمی میلی خەڵکی کوردستانیش وەکوو هەموو ستەمەکانی لە چەشنی بێکاران و ژنان و منداڵان و ئاوارەکان و پەنابەران و ... هتد بکەنە پردەبازێک و لە ڕێگای ئەو ستەمانەوە ئامانجە حیزبی‌یە بەرتەسکەکانی خۆتانی پێ بچیننەوە !!! بەڵام با لەوە بگوزەرێن ... حککع با جارێ هەوڵ نەدات ستەمی میلی لابەرێت بەڵکو پێش وەخت دەبێت خۆیان ستەم لە خەڵک نەکەن ، ستەم لە نەیارانی سیاسیان نەکەن ، ستەم لە رەخنەگرانیان نەکەن !!! پڕ ئاشکرایە سووکایەتی کردن چەمک و لقێکی گرنگی ستەمکاری‌یە ، حککع سووکایەتی‌یەکی زۆری بەکەسانێک کرد کە دەسەڵات و توانای وەڵامدانەوەو  بەرگری کردنیان لە خۆیان نەبوو حیزبی ناوبراو بە پێوانە ئایدۆلۆژیای حیزبی‌یەکەی خۆی ستەمێکی بەرقەرارکردبوو !!! جگە لەمانەش چەمکی ستەمکاری پەیوەندێکی تەنگاوتەنگی لەگەڵ بنەماکانی تۆتالیتاری‌یەت هەیە !!! هەر بەڕاستی حککع حیزبێکی ستەمکارە.

سەبارەت بە دەوڵەتی غەیرە قەومیش لێرەدا کەمێک پێویستمان بە هەڵوێستەیەک هەیە وەک ناچاری‌یەک دەبێت چەند دێریکی کورتی لەسەر بنووسین جارێک حککع راست ناکات دەوڵەتی غەیرە قەومیان ناوێت بەڵکو دەوڵەتی حیزبی‌یان دەوێت . من چاک دەرکم بە جیاوازی نێوان دەوڵەت و حکومەت هەیە بەڵام ئەو تێکەولێکەو و سەرلێشیواوەی ئەوان کە ئەم چەمکانەی هەمووی ئاڵۆزکاندووە تووشی گرێ کوێرەی کردووە. تێزەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی تێزیکە لە نێوان دەوڵەتی تاک حیزبی و حکومەتی یەک حیزبی هاتووچۆ دەکات ئەمە تاوانی من نی‌یە و ئەم شێواندنە کۆمۆنیزمی کرێکاری خۆی لێ بەرپرسیارە وەلحاڵ ئەوە بابەتێکی دوورودرێژە هەتا بەیانی لەسەری بدوێن تەواو نابیت منیش نازانم نووسینەکەم  بەخاتری شێواندنەکەی ئەوان بێ مانا درێژ بکەمەوە ... بەدەر لەمەش با بێن بزانین دەوڵەتی غەیرە قەومی چی‌یە ؟؟ تکایە ئایدۆلۆژیانە وەڵام مەدەنەوە شیعار فرێ مەدەن و مەڵێن واتا ئینسانەکان یەکسانن هاوتابن ... هتد  چونکە دەکرێ دەوڵەتی قەومیشت هەبێت و مرۆڤەکان هاوتابن من پێم وایە دەوڵەتێکیش نی‌یە لەسەر ئەم گۆی زەمینە غەیرە قەومی بێت !!! هەموو دەوڵەتەکان  یان قەومین یان دەوڵەتی چەند قەومین !! ئیتر شتێک لە وجودا نی‌یە ناوی دەوڵەتی غەیرە قەومی بێت ئەوە تەنها لە ئاوەزی خالّی ئێوەدا بوونی هەیە !!! هەروەها جگە لەمانەش دەبێت ئێمە دەوڵەتی قەومی و دەوڵەتی قەوم پەرستی جیا بکەینەوە دەشێ تۆ دەوڵەتی قەومی و یان دەوڵەتی چەند قەومی هەبێت سکۆلاریش بێت ، ئەمە هیچ تناقوزاتێکی تێدا نی‌یە هەر چۆنێک بێت ئەوەی لەم نێوە دا گرنگە تێکەڵاوی نەکەین قەوم لەگەڵ قەوم پەرستی‌یە . دەکرێت ئێمە هەمووماں سەر بە قەومیکی دیاریکراو بین و گرفتێک نی‌یە بەڵام گرفت ئەوەیە کەسانێک لە ناومان پەیدا بن و  قەوم پەرست بن هەر وەها کەسانێک لەنێوماندا پەیدا بن ئینسان پەرست بن . لە هەر حاڵەتدا ئەم بابەتە  قوڵەو لەم نووسینەدا جیگای نابێتەوە تەنها ئەو چەند دیرەم بۆ ئەوە نووسی کە ناشارەزایی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەو مەیدانەدا دەربخەم .